**Abstract:**

This method is talking about the historical writings of Mirza Mohammed Amin Manguri among his too much methods only the methods of (Praise) and (Comaparability) is taken here. In Manguries methods description is defined as glimpse، detail note-taking، events and personalities، as well assessment and registering of them by the way of images، views، and thoughts of him that was noted in certain time and place.

In Manguris methods comparability was a way for escaping from myopia، transcending history and matching of kurdish society. Manguri from that way by matching the historical situations and its similarities in the levels of single and society، the level of understanding and civilization of kurdish society brought to the fore، he didn't stop the comparability only in his society but included all the human history، from here he showed the size of the issues and hoped to solve them in a certain time.

**Keywords:** (History، Mangury، Method، Descriptive، Comparison)

## پێشەکی

میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی کارێکی بنەڕەتی لەزانینی مێژوویی دەکات، واتە پێشکەوتن یان دواکەوتنی مێژوونووسیی بە جۆر و ئاستی میتۆدی بەکارهاتووەوە بەندە. دیارە مێژوونووسیی کوردیش بەدەست کۆنی مێتۆدەوە دەناڵێنێت، بۆیە قسەکردن لەو میتۆدە مێژووییانەی مێژوونووسانی کورد بەردەوام گرنگی خۆیان هەیە.

میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی مێژوونووسی کورد میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی (١٩١٠_١٩٨٨)گرنگی خۆی هەیە. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باس لەدوو میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی مەنگوڕی دەکەین، ئەوانیش (پەسنکردن -الوصف) و (بەراوردکاریی)ن. ئەو هەستاوە بە پەسنکردنی (شوێن، بارودۆخ، ڕووداو، کەسایەتی)یەکان. هاوکات لەڕووی بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکارییەوە، ئەگەر لەئاستی مێژوونووسە گەورەکانی جیهاندا نەبووبێت، ئەوا لەوان کەمتر نەبووە. چونکە لەسەر ئاستێکی فراوانتر لە (ڕووداو) و (کەسایەتی) ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لەناوەندی مێژوونووسیی کوردیدا، تا ئەندازەیەکی گەورە کارەکانی فەرامۆش کراون.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لەدوو تەوەری سەرەکی دەربارەی میتۆدەکانی (پەسنکردن) و (بەراوردکاریی) لە نووسراوە مێژووییەکانی مەنگوڕیدا دەکات. لەکۆتاییدا لە چەند خاڵێکدا ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، میتۆدی شیکارییە، واتە تەواوی چەمک و بابەتە پەیوەندیدارەکان ڕوون و شیکراونەتەوە، سەرەڕای سەرچاوەگەلێکی بواری میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی، ئەوا بەرهەمەکانی خودی مێژوونووس (میرزا مەنگوڕی) سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن.

لەکۆتاییدا دەڵێین، ئەم کارە هەوڵدانێکی سەرەتاییە و هیواداریین کاری باشتر و تەواوتری بەدوادا بێت.

## یەکەم: میتۆدی پەسنکردن

پەسنکردن دیارترین میتۆدی لێکۆڵینەوەیە، کار لەسەر زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات، جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکان دەکاتەوە، واتە لەهەر دیاردەیەک کە بوونی هەیە و پەیوەندی بە دیاردەکانی ترەوە هەیە دەکۆڵێتەوە، (بۆکانی، ٢٠١٦، ل٨٣) پێناس و لێکدانەوەی وردیان بۆ دەکات، وەک ئەوەی لەواقعدا بوونیان هەیە، لەهەردوو لایەنی چەندێتی و چۆنێتییەوە وێنەیان دەکێشێت، (عبدالغنی، ٢٠٢١، تعریف المنهج الوصفی، https://sotor.com/تعريف-المنهج-الوصفي/ ) هاوکات ڕۆڵی بنەڕەتی لەدروستبوونی زانیندا دەگێڕێت، چونکە گرنگی بە ڕەگەز و مەرج و پەیوەندییەکانی هەر دیاردەیەک بە دەوروبەر و خودی خۆیەوە دەدات، لەم چوارچێوەیەدا

**لیستی سەرچاوەکان:**


١. بۆکانی، سابیر, (٢٠١٦), میتۆدی توێژینەوەی زانستی, چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا, سلێمانی.

٢. پامۆک، ئورهان, (٢٠١٦), ڕۆمانوسی سادە و ڕۆمانوسی بیرکەرەوە, و. بەکر شوانی, چاپی یەکەم, چاپخانەی ئەندێشە, سلێمانی.

٣. کۆمەڵێک نووسەر, (٢٠٢١), مێژووناسی و فەلسەفەی مێژوو, و. بێستون عەبدولکەریم, چاپی یەکەم, چاپخانەی تاران.

٤. محەمەد، کامەران, ٢٠١٢, فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژووی, چاپخانەی بینای, سلێمانی.

٥. مەنگوڕی، میرزا محەمەد ئەمین, (١٩٧١), فەیرۆزخانی پشت کۆ, چاپخانەی قضاء, نەجەف.

٦. مەنگوڕی، میرزا محەمەد ئەمین, (٢٠٠٩), بەسەرهاتی مەنگوڕی, چاپخانەی یاد.

٧. مەنگوڕی، میرزا, (١٩٧٩), خەونی چوونەبەهەشتی مەنگوڕی, دەسنووسی بڵاونەکراوە پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.

٨. مەنگوڕی، میرزا, (٢٠٠٠), بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ هەتاوەکو ١٩٥٨، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم, سلێمانی.

٩. مەنگوڕی، میرزا, (٢٠١٢), چیرۆک، بەسەرهات، گێڕانەوە, چاپخانەی کارۆ, سلێمانی.

١٠. مەنگوڕی، میرزا, (٢٠٢١), گەشتی ئەستێرەی مەریخ, چاپی چوارەم, چاپخانەی کارۆ, سلێمانی.

١١. مەنگوڕی، میرزا, ٢٠٠١, بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨, بەرگی دووەم, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕاز, سلێمانی.

١٢. مەنگوڕی، میرزا, ٢٠٠٣, میرزا حقائیقی بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنا ئیستقلالی کوردا, چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری, سلێمانی.

١٣. مەنگوڕی، میرزا, بەسەرهاتی...١٩٨٥.١٩٥٨، ب٢، دەسنووسی بڵاونەکراوە, پارێزراو لای بنەماڵەی مەنگوڕی.


**ڕۆژنامەکان**


١٤. سیوەیلی، ڕێبوار, ٢٠١٢/١١/١٥, شار لەگێڕانەوەی مەنگوڕیدا, ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ, ژ(٥٩١٩).


**کتێبە عەرەبییەکان**


١٥. علیان، ربحی مصطفی, (٢٠٠٠), مناهج و أسالیب البحث العلمی, طبع لأولی, دار صفاء, عمان.

١٦. مجموعة مؤلفین, (٢٠١٩), منهجیة البحث العلمی وتقنیاتة فی العلوم الاجتماعیة, المرکز الدمقراطی العربی للدراسات الاستراتیجیة والسیاسیة والاقصادیة, برلین.

١٧. الملاح، هاشم یحیا, ٢٠٠٧, المفصل فی فلسفة التاریخ, طبع الاولی, دار الکتب العلمیة, بیروت, لبنان.


**سایتەکان**


١٨. أزهار عبدالغنی, تعریف المنهج الوصفی، ١٣ / ١/ ٢٠٢١، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٤/٨..https://sotor.com/تعریف-المنهج-الوصفي/

١٩. بێناوی نوسەر, المنهج الوصفی. بحث کامل عن المنهج الوصفی، ٥/ سبتمبر/ ٢٠٢١، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٠٤..https://www.merefa2000.com/2021/09/blog-post_79.html